# دانانی بەردەباز بۆ کیسەڵان

سەروەت سۆهرابی



١ی دێسەمبەری ٢٠٢٥ وتار

ئەم وتارەی بەردەستت سەرنجدان و وردبوونەوەیەکە لە وتاری "ئایدیای دیموکراسیخوازی مرۆڤی کورد لە نێو دەوڵەتە سەردەستەکاندا" کە بەڕێزان هیوا خاکپوور و توورەج محەمەدی نووســـیویانە. وتاری ناوبراو شـــەش مانگ پێش لە ماڵپەڕی "ژنەفتن"دا بڵاو کراوەتەوە. خوێنەران دەتوانن وتارەکە بە ئاسانی دەست بخەن و بیخوێننەوە.

ئامانج لە نووسـینی وتاری "دانانی بەردەباز بۆ کیسەڵان" چییە؟ ئامانجی ئەم وتارە ئەوەیە دەقی کوردی بە وردی بخوێنرێتەوە کە ئەمە خۆی بەستێن دروست دەکات بۆ ئەوەی دەقی هزریی کوردی بە وردی بنووسرێت. بنووسی ئەم دەقە پێی وایە خوێندنەوەی وردی هەر دەقێک ڕەسەنترین جۆری ڕێز و دەستخۆشیە لە ماندووبوونی نووسەرانی ئەو دەقە. وتاری بەرباس لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و داڕشتنی ڕستەوە کێشەی ئێجگار زۆری هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی سەرنجەکان لەسەر بابەتە هزرییەکان بێت نەک هەڵەی زمانی، لەم نووسینەدا تەنیا باسی ناوەڕۆکی وتارەکە دەکەین.

کۆڵەکەی سەرەکی یان ئەستووندەکی تاوڵی نامرادیی وتارەکە ئەو پۆلێنبەندییەیە بۆ هزری سیاسیی هاوچەرخی کورد دەیکات کە گوایە لە سەردەمێکدا ئایدیا و ئایدیالی ڕووناکبیرانی وەک قانع سەروەری بووە و بە بندەست کەوتنی کوردستان و گۆڕانی ژیۆپۆلیتیک، ئەو ئایدیاییە بووە بە سەروەریخوازی. لێرەدا پارادۆکسێک دروست دەبێت؛ خودی قانع بەشی زۆری ژیانی لە سەردەمی دوڵەت-نەتەوەکاندا بەسەر بردووە!

نووسەران باس لە دوو چرکەسات دەکەن، بەڵام کە دەقەکە دەخوێنینەوە تێدەگەین لە ڕاستیدا باسی یەک چرکەساتە کە مێژووەکەی بە دوو سەردەمی پێش و پاش خۆی دابەش کردووە و ئەو چرکەساتەش کاتی سەرهەڵدانی دەوڵەتە تۆتالیتێرە مۆدێرنەکانە. کەواتە دروست ئەوەیە بڵێین دوو سەردەم، نەک دوو چرکەسات!

کورد لە هەر دوو سەردەم یان قۆناغدا ـ واتە چرکەساتی یەکەم و دووەمی ئەو وتارە ـ کۆیەکی یەکسان و یەکدەست نەبووە و بە هۆکارگەلی ئەتنیکی، ئاینی، سیاسی و ژیۆپۆلیتیک لێکدابڕاو و پەرتەوازە ماوەتەوە. ئەو کارەی ئەو دەقە کردوویە ئەمەیە: بۆ دابەشکردنی مێژووی هزری سیاسی بەسەر ئەو دوو قۆناغەدا هەندێک شیعر، وتە و هەڵوێستی سیاسی دەهێنێتەوە کە تەنیا نوێنەری "بەشێک" لە ئیلیتی کوردن. بۆیە دەڵێم بەشێک چونکە ئیلیتی کۆمەڵگا تەنیا ئیلیتی ڕۆشنبیر و ئیلیتی سیاسیی سەر بە بزووتنەوە کوردییەکان نین،

بەڵکوو دەبێ ئیلیتی سیاسیی سەر بە دەوڵەتە سەردەستەکان، ئیلیتی ئابووری، ئیلیتی ئایینی و ئیلیتی سەربازی و هتدیش لە بەرچاو بگرین کە ئەو دەقە ئاوڕیان لێ ناداتەوە و پشتگوێیان دەخات. بۆ نموونە نووسەرانی وەکوو ڤان براوینسن و ڕۆبرت ئۆڵسن کاتێک دیدی کۆمەڵگای کوردی لەمەڕ بزووتنەوەیەکی تایبەتی کورد لێک دەدەنەوە، ڕوانگە و بەرژەوەندیی ڕێبەرانی ئایینی و تەریقەتەکان، دەرەبەگ و مالیکی گەورە، سەرۆک عەشیرە، گەورە بازرگانەکان، ئیلیتی سەربازی (لەوانە ئەفسەرانی سوپای حەمیدییە و ئەفسەرانی سوپای تورکیا)، هەروەها ڕۆشنبیرانی ئەستەمبۆڵ لە بەرچاو دەگرن. کە ورد دەبینەوە دەبینین لە هیچکام لەو دوو قۆناغەدا هزری سیاسیی کورد یەکدەست نەبووە و لە هەردوو قۆناغەکەدا ئەندێشەی دیموکراسیخوازی و سەروەریخوازی بوونی هەبووە و بەسەر بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و ئیلیتەکانیدا دابەش بووە. تەنانەت سەرچاوە مێژووییەکان پەرتەوازەیی ئەندێشەی سیاسیی ئیلیتی کورد بە یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی بزووتنەوەکانی کورد دەزانن. مێژووی حیزبی تەعالی و تەرەقی، خۆیبوون، هیوا، ئازادی و هتد، لێوانلێوە لە ناتەبایی هزری بەتایبەت لە نێوان دوو ئامانجی سیاسیی سەرەکی واتە ئۆتۆنۆمیخوازی و سەربەخۆییخوازیدا. بەڕای من ئەو دوو چەمکە - سەربەخۆییخوازی و ئۆتۆنۆمیخوازی - بابەتیتر و عەینیترن و بە بەراورد لەگەڵ سەروەریخوازی و دیموکراسیخوازی میسداقەکانیان ئاسانتر دیاری دەکرێن. بە دابەشکردنی مێژووی پێش شەڕی سارد بەسەر دوو ڕوانگەی خودموختاری و سەربەخۆییدا دەتوانین پۆلێنبەندییەکی وردتر بۆ مێژووی ئەندێشەی سیاسیی هاوچەرخی کورد بکەین.

بە گشتی ئەو دەقە لەوێدا ناڕوونە کە نازانین دەیەوێت مێژووی ئەندێشەی سیاسی لە ناو ئیلیتی کورددا تاووتوێ بکات یان لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی. چونکە لە چەند شوێنی دەقەکەدا وشەی "خەڵک" بەکار دەهێنێت و لەوێشدا خەڵک وەکوو کۆیەکی یەکگرتوو دەبینێت و دیاریی ناکات مەبەستی کام بەشی خەڵکە. باشترە ئاوا بڵێین، لاوازیی ئەو وتارەیە کە خۆی نادات لە قەرەی ئەو ڕاستییە کە خەڵکی کورد لە چین و توێژ و ئەتنیک و زار و بنزار و کۆمەڵەی ئایینی و ناوچەیی جۆراوجۆر پێک هاتووە.

لێرەدا مەبەســـت ئەوە نییە کورد کۆیەکی گشـــتی نەبووە یان بە مانا مۆدێرنەکەی نەتەوە نەبووە، بەڵکوو مەبەســت ئەوەیە کورد وێڕای بوونی وەکوو کۆیەکی گشــتی، وەکوو هەموو نەتەوەیەکی تر دابەش بووە بەسەر چین و توێژ و گرووپی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆردا و تاکەکان بەپێی ئـاخێزگـە و پێگەی کۆمەڵایەتییـان کەوتوونەتەوە ژێر کـاریگەریی گوتـارانی جیـاوازی سیاسییەوە.

گەرچی وتارەکە ئەمە ڕوون ناکاتەوە، بەڵام بە خوێندنەوەی بۆ خوێنەر دەردەکەوێت کە مەبەستی نووسەران تەنیا ئیلیتی کوردە و لەم بەشەشدا تەنیا ڕۆشنبیر و ڕێبەرە سیاسییەکان لە بەرچاو دەگرن. کاتێک باسی هزری سـیاسی و پارادایمی سـەروەری دەکات، شـیعر و دەقی ئەدیبان و ڕووناکبیران دەکات بە پێوەر، بەڵام کاتێک باسی پارادایمی دیموکراســـیخوازی دەکات قســـە و گوتەی ســـەرکردەی ســـیاسی دەهێنێتەوە. لـە قۆنـاغی یەکەمـدا ڕێبەرە سیاسییەکانیان پشتگوێ خستووە و تەنیا باس لە ڕۆشنبیر یان باشتر بڵێین شاعیرانی وەکوو حاجی قادر، پیرەمێرد، قانع، بێکەس و ئەحمەد موختاری جاف دەکات. لە قۆناغی دووەمدا باس لە ڕێبەرانی سیاسی دەکەن و بێجگە گۆران ناوێک لە ڕۆشنبیران و شاعیران ناهێنن. ئەو بابەتە وا دەکات دابەشـــکارییەکە وردبینانە و زانســـتی نەبێت و پۆلێنبەندییەکەی بەقای پێ نەکرێت و ئابروومەند نەبێت. دروست وایە هەڵوێستی ڕۆشنبیری سەردەمی یەکەم لەگەڵ ڕۆشـنبیری سـەردەمی دووەم، ئیلیتی سـیاسـی سـەردەمی یەکەم لەگەڵ ئیلیتی سـیاسـی ســـەردەمی دووەم بەراورد بکرێت و بەمەش نەوەســـتێت و لە هەڵوێســـتی ئیلیتیەکانی تری کۆمەڵگاش لە هەردوو ســـەردەمەکەدا بکۆڵێتەوە. هەڵوێســـت و ڕوانگەی شـــێخ عێزەدین دەبێت لەگەڵ هەڵوێسـت و ڕوانگەی شـێخ سـەعید و شـێخ مەحموود و سـمکۆدا بەراورد بکرێت نەک لەگەڵ قانع و پیرەمێرد و حاج قادردا.

نووسـەران هەڵوێسـتێکی قانع دەهێننەوە کە گوایە داوای لە مەلا مسـتەفا کردووە دروشـمی برایەتیی کورد و عەرەب وەلابنێـت. ئەم نموونەیە بۆ خـۆی لەگەڵ پۆلێنبەنـدییەکەی نووسـەراندا دژە. چونکە سـەرەڕای ئەوەی قانع وەکوو ڕۆشـنبیرێکی سـەروەریخواز دیاری

دەکات، بەڵام هەڵوێستەکەی - لە ڕووی کاتەوە - لە قۆناغی دووهەم واتە قۆناغی دیموکراسیخوازیدا ڕوو دەدات.

ئێستا دەتوانین بپەرژێینە سەر ئەوەی کە ئەو پۆلێنبەندییەی مێژووی ئەندێشەی سیاسیی کورد دەبێ چۆن بێت؟ لە ڕاستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دوو سەدەی پێشووی کورد، چرکەساتێکی ئەوتۆ کە بتوانین مێژووی ئەندێشەی سیاسیی کورد بکەین بە پاش و پێش ئەو چرکەیە، نادۆزینەوە. بەڵکوو بە درێژایی ئەو سەردەمە دوورودرێژە، ئەندێشەی سیاسیی کورد بە سەر چەند بەرەدا دابەش بووە: 1. سەربەخۆییخوازی 2. خودموختاریخوازی 3. ئیسلامی سیاسی 4. پەیوەست بوون بە نەتەوەی سەردەست. واتە بە ڕای من هەموو ئەم گوتارانە بە درێژایی ئەو سەردەمە، هاوکات و شانبەشانی یەک لە گۆڕەپانەکەدا ئامادە بوون و تەنانەت دەتوانین باس لە بوونی وردەگوتاری تریش بکەین. بە گشتی دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە لەوەی کە وتاری بەرباس بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە و بە سادەکردنەوەیەکی هەڵە، دەیشێوێنێت. ڕەهبەر مەحموودزادە لە وتاردانێکی خۆیدا پۆلێنبەندییەک بۆ "چۆنێتیی پێوەندیی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا" دەخاتە ڕوو کە جۆری پێوەندییەکان بەسەر شەش مۆدێلدا دابەش دەکات:

١- هاوکاری

٢- هاوکاریکردن وێڕای دژایەتیکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان

٣- هاوکاریکردن بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان

٤- هاوکاریی سەرەتایی و هەڵگەڕانەوەی دوایی بەبێ هۆکاری نەتەوەیی

٥- هاوکاری سەرەتایی و هەڵگەڕانەوەی دوایی بە هۆکاری نەتەوەیی

٦- بەڕەسمی نەناسین

گەرچی ناتوانین بڵێین مژار و بابەتی هەر دوو پۆلێنبەندییەکە یەک شـــتن، بەڵام لە یەک نزیکن. بە ڕای من پۆلێنبەنـدییەکەی مەحموودزادە وردبینـانەترە و دۆخی ئەنـدێشـــەی سیاسیی ئەو سەردەمە دروستتر نیشانی خوێنەر دەدات.

مێژوو بە شـــێوەیەکی گاڵتەئامێز - چمان بۆ ڕەتکردنەوەی پۆلێنبەندییەکەی ئەو وتارە وای کردبێت - سمکۆی خولقاندووە کە لە قۆناغی یەکەمی ژیانی سیاسیی خۆیدا هەڵگری ئاڵای ڕاپەڕین دژی دەســەڵاتی ناوەندی و زوڵم و زۆرەکانی بووە (دیموکراســیخوازی) و لە قۆناغی دووەمدا بوو بە ناسیۆنالیستێکی سەربەخۆییخواز کە بۆ دامەزراندنی کیانێکی سیاسیی کوردی تێدەکۆشـــێت (ســـەروەریخوازی). هەروەک دەبینن ڕەوتی ئاماژەپێکراوی ئەو وتارە واتە "سەرەتا سەروەریخوازی و دواتر دیموکراسیخوازی" تەنانەت لە ناو ژیانی سمکۆشدا ڕاست دەرناچێت و پێچەوانەکەی دەبینین.

لە بەشـــێک لەو وتارەدا دەیخوێنینەوە کە: "لە ئەندێشـــەی مۆدێرنی کوردیدا، ڕۆشـــنبیرێ وەک حاجی قادر کۆیی (١٨١٦-١٨٩٧) دوو وشـــەی "میللەت" و "دەوڵەت"ی لە مانای پێش مۆدێرنەکەیەوە، شـــیفت پارادایم کردووە بۆ مانا مۆدێرنەکەیان(مەحمودی، ٢٠٢٠: ٦٣-٦٩). بۆ میناک، تێگەیشـــتنی حاجی قادر وەک ئایدیۆلۆژیســـتی جووڵانەوەی نەتەوەیی( جەعفەر، 2009: 449) لە وشەی میللەت لەم شیعرەدا چەند ڕاستییەک ئاشکرا دەکات:

"میللەتە باقی مابەقی  فانی/ هەر لە جافی هەتا گۆرانی". حاجی وشـــەی میللەتی بە مانا مۆدێرنەکەی بەکـار هێنـاوە و هەروەهـا تێگەیشـــتنێکی هەمەلایەنەی لە نەتەوەی کورد نواندۆتەوە کە هەموو ئەتنیکە کوردەکان لە جافیەوە تا گۆران و... لەخۆ دەگرێت".

لە ڕاســتیدا ئەو شــیفت پارادایمە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە لایەن ئەحمەدی خانی و لە سەدەی حەڤدەی زایینیدا کراوە. بەڕای ڕەهبەر مەحموودزادە شیعرەکانی خانی لە لایەکەوە

لێوانلێون لە بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆی چەمکی مۆدێرنی وەکوو نەتەوە، بەرژەوندیی نەتەوەیی و ستراتیژ و لە لایەکی ترەوە بە ئاماژەدان بە بەشە جیاجیاکانی کورد وەکوو، گۆران و لوڕ و ... "تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەی لە نەتەوەی کورد" نواندووەتەوە. کەواتە هەردوو ئارگیۆمێنتی نووسەران بۆ ئەوەی کە حاجی قادر شیفت پارادایمی کردووە بۆ ئەحمەدی خانیش ڕاستن.

سەرنجی ئەم برگەیە بدەن: "لە ڕوانگەی قانعی بەرابەری خوازەوە، کورد مرۆڤێکی لەتلەتکراوی بێدەوڵەتی بێخانومانە "ئەوەی بێدەوڵەتە سووکتر لە کایە" کە بە هەموو شێوازێک تەفروتوونا کراوە. بەڵام لە پاش بەرەی یەکەمی ڕۆشنبیرانی کورد، هەروەک ئاماژەی پێ درا، تا ئاستێک هاوکات لەگەڵ هاتنی بیری مارکسیزم بۆ کوردستان، مەسەلەی کورد لە سەروەریخوازییەوە پارادایم شیفت دەکات بۆ لای دیموکراسیخوازی. جا زەینییەتی قانع بەراوەرد بکەن لەگەڵ زەینییەتی گەورە شاعیری نوێخوازی کورد، مامۆستا "گۆران" کە دەڵێت:

من گەلم گەلی عێراقم / عەرەب ئەم لاق، کورد ئەو لاقم

ئینجا بە ڕوونی ئەو شیفت پارادایمە کە باسی دەکەین بە زەقی دەردەکەوێت."

باسکردن لە پارادایم شیفت لە پارادایمی سەروەریخوازیی قانعەوە بۆ هاوعەراقیبوونی کورد و عەرەب لای گۆران؛ لەوەدا هەڵە دەردەکەوێت کە بزانین گۆران و قانع هاوتەمەن و هاوسەردەم بووگن و دوور نییە خشتەی "گەلم، گەلی عێراقم ..." پێش خشتەی "ئەوەی بێدەوڵەتە سووکتر لە کایە" نووسرابێت.

ناڕوونیی هەردوو چەمکی سەروەریخوازی و دیموکراسیخوازی کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە وتارەکەدا دەگێڕن، سەرەتا لەوێوە دێت کە نووسەران هەوڵ نادەن ئەم چەمکانە پێناسە بکەن. لە دەقەکەدا وتراوە "دەیهەوێت ئایدیای دیموکراسیخوازی لەو شێوە وە بەر تیشکی

ڕەخنە بدات"؛ ئاخۆ پێویســـت نییە ســـەرەتا ئەو شـــێوەیە لە دیموکراســـیخوازی بۆ خوێنەر ڕوون بکرێتەوە؟ یان پێمان بڵێن بە چ پێوەرێک شـــیعری شـــاعیرانی ناوبراو دەچنە خانەی ســـەروەریخوازییەوە و بۆ نموونە شـــیعری شـــێخ مەحموودی نەمر ناگرێتەوە کە بەپێی پۆلێنبەندییەکەی ئەوان دەکەوێتە قۆناغی دیموکراســـیخوازییەوە؟ لێرەدا هێنانەوەی چەند نموونە شیعری شێخ مەحموود دەتوانێت یارمەتیدەر بێت:

فەرهادی قەومی کوردم و فەریادی کورد ئەکەم

دوژمن بە کوتکی کاوە وەکوو شووشە ورد ئەکەم

بۆ بێستوونی مانیعی ئامالی کوردەکان

وەک کۆهکەن بە عەزمی مەتین دەستوبرد ئەکەم

یا کەشتی کورد ئەبەمە ساحیلی نەجات

یا ڕۆحی خۆم و ئالی پەیەمبەر بە پرد ئەکەم

مەحموودی فیکرەتم ئەخەمە دووی ئەیازی کورد

یا کەسبی وەسڵی میللییەت و نەیلی کورد ئەکەم

من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و بڕایەوە

زیللەت نەما سەعادەتی کوردان گەڕایەوە

کاتێک شـــێخ دەڵێت "دوژمن" ئێمە دەتوانین بڵێین "ئەوی تر"ی کوردی دیاری کردووە و کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیا دەبینێت و کاتێک دەڵێت "کەســـبی وەســـڵی میللییەت" دیارە پێناســـە کردنی کورد وەکوو نەتەوە یان هەمان دیمۆس و دانپێدانانی لە لایەن ئەوی ترانەوە یەکێک لە ئامانجەکانییەتی.

موددەتێ عومرم بە تاڵان چوو لە سووچ و قوژبنا

پێمەلەم زۆر کرد لەبەر ئیمان لە بەحری بێ بنا

شاهبازێ بووم لە مەیدانی شکاری دوژمنا

جەهلی میللەت بوو بە زیللەت هات بەسەر شانی منا

سەیری جێگە زەخمی پەنجەم کەن بەدایم شاهیدە

دوودڵی لێم بۆتە زنجیر حەوسەڵەی داوم نییە

بۆ نەمانی ئەجنەبی ژینم لەبەر چاوم نییە

بۆیە ئیتر ئارەزووی دیداری قاڵاوم نییە

گورگی پیر کەڵبە شکاوم تاقەتی ڕاوم نییە

دڵ بەم ئەحواڵەش لە ڕێگەی میللەتمدا قاسیدە

ئێوە ناودارانی کوردن حەیفە دواکەوتن لەگەل

دەست بە دەست یەکتر بدەن بۆ گرتنی لوتکەی ئەمەل

عەزم و وریایی و سەباتە بۆ بەدەستهێنانی هەل

دوژمن و بێگانە حەققی میللەتی پێ نابێ حەل

خوێنی ئەوتانە لەلای خوا عەینی زوهدی زاهیدە

لە نیودێڕی چوارەمدا شـێخ گلەیی دەکات لە دەسـت "جەهلی میللەت" کە ئاماژەیە بە نەبوونی وشـیاریی نەتەوەیی یان لاوازیی گوتاری نەتەوەیی. ئەمە پێمان دەڵێت کە ئەوە ئایدیای دیموکراسـیخوازیی ئیلیتی کورد نەبووە کە بووە بە هۆی ئەوەی خەڵکی کورد خۆی لە ناو دیمۆسی دەوڵەتە سەردەستەکاندا پێناسە بکات و ئەمەش وردە وردە ناوەکی بکاتەوە، بەڵکوو ئەوە نەبوونی وشـیاریی نەتەوەیی یان لاوازیی گوتاری نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵانی

خەڵکدا بووە پاڵی بە ئیلیتی سیاسیی پاش شێخ مەحموودەوە ناوە بیر لە ڕێگاچارەیەکی تر بۆ دۆزی کورد بکاتەوە. ئیلیتی سیاسیی کورد لە پاش شێخ مەحموود بە خوێندنەوە و تێڕامان لەو مێژووە و دیتنی بێهێزی و پەرتەوازەبوون و نایەکگرتوویی کورد و لاوازیی گوتاریی نەتەوەیی، ئامانجی سەربەخۆیی یان هەمان سەروەریخوازییان لە ئاسۆیەکی دووردا بینیوە. هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەگەلی وەکوو میللەت، دوژمن، ئەجنەبی و بێگانە، دیسان جەخت کردنەوەیە لەسەر بوونی نەتەوەی کورد و دیاریکردنی ئەوی تری کورد. لە خشتەی "دوژمن و بێگانە حەققی میللەتی پێ نابێ حەل"دا بە ڕوونی دەبینین کە مەلیکی کوردستان بە پێچەوانەی ئیدیعای نووسەرانی ئەو وتارە لە دیموکراسی و گەیشتنی کورد بە مافەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەردەستدا بێهیوا و نائومێد بووە.

دەست بە دەست یەکتر بدەن ئەی لاوەکانی مەرد و قۆز

تاکوو کەی دوژمن لەناومانا ئەبێتە گورگی هۆز

بێن ببینە پشتیوانی یەکتر و بیکەینە تۆز

دەست بە داوێنی خوداوە بگرین و بگرین بە سۆز

تاکوو دوژمنمان لە جنّاتُ الإرَم بەرپا ئەکا

نامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی

نایکەمە سەر خۆم بەدەستی موددەعی تاجی شەهی

قەد بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرماندەهی

نامەوێ تەختی کەی و بەختی جەم و شاهەنشەهی

تیشنەیی خوێنی عەدووم و بۆ حوقووقی وا ئەکا

تا بە ئازادی ئەگەم کوێری ئەکەم چاوی ڕەقیب

تا لە زوڵمی ئەجنەبی ڕزگار ئەبێ کوردی نەجیب

له خشـــتەی "قەد بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرماندەهی"دا شـــێخ ئاماژە بە بێمتمانەیی خۆی بەرامبەر بە دوژمنان دەکات کە لەگەڵ ئیدعای نووســـەرانی وتار ناکۆکە، لەوێدا کە دەڵێن: "بەڵام مرۆڤی کورد زۆربەی جار لە پێگەی بێدەســـەڵاتی خۆیەوە و هەندێک جار لە ڕووی ئەخلاقی ژێردەســـتییەوە، مەســـەلەی دیموکراسی و یـان برایەتی و ... بیرلێنەکراوە پەســـەند دەکات و وا خەیاڵ دەکات کە نەتەوە ســـەردەســـتەکانیش بەراحەتی دێنە پێگەی دیمۆسی هاوســـان و هاوشـــان لەگەڵ کورد و لە شـــەووڕۆژێکدا بەهەشـــتی بەڵێنپێدراوی دیمۆکراسی دەخولقێت. هەر ئەم ســـادەئەنـدێشـــییە و ئەم ئەنـدێشـــەنەکردنە لەمەڕ دیموکراسی، بووەتە هەوێنی خۆفریوی و لە ڕابردوو و لە ئێســـتەشـــدا بە ڕاحەتی بە پیلانی برایەتی و دیمۆکراسی و وردەمـاف و...، کورد بووەتە قۆچی قوربـانی و لە ئـاکامـدا خەبـاتە ڕزگاریخوازییەکەی بەلارێدا براوە و یان خامۆش کراوە ."

ئەو بێ متمانەیییەی شێخ ئەوەندە دوورە لەو سادەئەندێشییەوە وا نووسەران باسی دەکەن کە مرۆڤی کورد هەســـت دەکات شـــێخ مەحموود لەودیوی بانەکەوە کەوتووەتە خوار و بە بۆنەی بێمتمانەیی بە دەسەڵاتی بەریتانیا نەیتوانیوە لە مامەڵە لەگەڵ بەریتانیادا بە هەندێک دەسکەوتی سیاسی بۆ کورد ڕازی ببێت و بەبێ هیچ دەسکەوتێکی سیاسـی بەدامەزراوەکراو کۆتایی بە تەمەنی سیاسی بێت.

وتـارەکە لەگەڵ ئەوەی پێی وایە دیموکراســـیخوازیی کورد نـاچـاری بووە؛ جۆرێـک بـاسی بەدنیهادی و نیازپیســـیی نەتەوەی تورک و ئێرانی و عەرەب دەکات، چمان هەرکەس بڕوای بەوە هەبێـت دیموکراتیزەکرانی ئەو وڵاتـانە بە ســـوودی کوردە، تووشی خۆفریوی و دوژمنشـــەیدایی بووە. چمان کورد هێندە گێل و کاڵفامە بەدنیهادی و شـــۆڤێنیســـت بوونی عەرەب و تورک و ئێرانی نابینێت.

ســـەرنجی ئەم پاراگرافە بدەن: "لێرەوەیە دەتوانین بڵێین کە دیموکراســـیخوازان ئەو خاڵە گرینگە لە بیر دەکەن کە مرۆڤی کورد بە هۆی ئەوەی هەســتی وەفاداری بە دەوڵەت-نەتەوە ســەردەســتەکان نییە ناتوانێت خۆی لە پەیمانی دیموکراســییەتی ئەوان گرێ بداتەوە و زۆر جار بگرە دەبێتە بەربەست بۆ یەکانگیری خۆسەپێنی نەتەوەیی ناو دەوڵەتە سەردەستەکان. لێرەوەیە کە مەسـەلەی دیموکراسی و پێوەندارێتی بە نەتەوەی جودا، خاڵێکی یەکجار گرینگە کە ڕامانی زیاتری پێویستە ."

لەم پاراگرافەدا نووســەران بەپێی تێگەیشــتنێکی بەرتەســک کە لە دیموکراتیزەکردن هەیانە؛ وەهای دەبینن کە هەر کەســـێک هەوڵ بۆ دیموکراتیزەکردن بدات، دەبێت یان ســـوێندی وەفاداری بە یەکپارچەیی ئەو وڵاتە بباتە ســـەر؛ یان ســـوێندەکەی دەکەوێت و دەبێت کەفارەی بدات! مۆچیاری نووسـەران ئاوایە؛ بۆ کورد چون ترسی کەوتنی سـوێندەکەی زۆرە و ئەگەری هەیە کار بکێشێتە کەفارەدان؛ باشترە باسی دیموکراسیخوازی و دیموکراتیزەکردن نەکـات! لە درێژەدا بە بـاســـکردن لە ڕوانگەی کـاڵـهۆن پێـیـان وایە هەرکەس بـاسی دیموکراتیزەکردنی کرد؛ حەتمەن دەبێت سنووری ئەو وڵاتەی تێیدایە بە هەمیشەیی بزانێت. چمان ناکرێت باسی دیموکراتیزاسـیۆن بکەیت و ئەو سـنوورانە ببەیتە ژێر پرسـیار. هەرچۆن نووسـەران دێڕێک شـیعری "کۆیی"یان کرد بە بەڵگەی دێرینتربوونی گوتاری ناسـیۆنالیسـتی کورد؛ هەر بەوجۆرە دێڕێک نووسـینی کاڵهۆن و ئلیاسی دەکەن بە بەڵگەی ئەوەی هەرکەس دیموکراتیزاسیۆنی پێ باش و بەسوود بوو حەتمەن یەکپارچەییپارێزە.

کێشـەی تری ئەو نووسینە ئەوەیە تەنیا یەک پێناسـە بۆ نەتەوە بە پێشگریمانە دەگرێت. لە حاڵێکدا چەندین پێناســـە بۆ نەتەوە هەن. پێناســـەیەک کورد بە نەتەوە دەزانێت؛ بەم پێیە کوردێکی ســـنەیی و کوردێکی ســـلێمانی هاونەتەوەن. پێناســـەیەکی تر ئێران بە یەک نەتەوە دەزانێت. بەم پێیە کوردێکی ئێستای ڕۆژهەڵات و تورکێکی زەنجان هاونەتەوەن. دەبێ بپرسین چون دیموکراسیخوازی لە ئێراندا هاونەتەوەبوونی کوردێکی ڕۆژهەڵات و تورکێکی زەنجانی بە پێشـگریمانە دەزانێت؛ ئەمە بە مانای ئەوەیە کەسـێکی دیموکراسـیخواز خەریکی پارچەکردنی

نەتەوەی کوردە؟ کوردێکی ڕۆژهەڵات تەنانەت ئەگەر دیموکراسیخوازیش نەبێت، بەپێی بڕێک پێناسە هاونەتەوەی تورکێکی زەنجانی دەژمێردرێت. نەخواستنی دیموکراسی، هاونەتەوەبوونی ئەو کوردە لەگەڵ تورکە زەنجانییەکە بەپێی هەندێک پێناسە لە ملی ئەو ناکاتەوە.

نووسەران ڕاستییەک دەڵێن ئەویش ئەوەیە؛ زۆربەی تاکی تورک و ئێرانی و عەرەب هەروەک دەسەڵاتەکانیان و بگرە فرەتریش دژی کوردن. ئەوە دروستە. بەڵام ئەو ڕاستییە کاتێک دەتوانێت دژ بە دیموکراسیخوازی بەکار بهێنرێت کە پێمان وابێت کوردانی دیموکراسیخواز و هیوامەندانی دیموکراتیزەکرانی وڵاتانی سەردەست ئەو ڕاستییە ئاشکرایە نازانن و بە شێوەی کوێرانە گەشبینن بە برایەتی و هاوسۆزی ئەوان. داوا یان دروستە بڵێم هیوای کورد بە دیموکراسی و دیموکراتیزەکردن؛ بۆ کورد هیچکات جێگرەوەی سەروەری نەبووە. بەڵکوو لە نەبوونی دەرفەت بۆ سەروەری و سەربەخۆییە کە کورد هیوای لەسەر دیموکراتیزەکردن هەڵچنیوە. ئەوەی دواجار یارمەتیی کورد دەدات بتوانێت بە داوا و ئایدیالەکانی بگات؛ بەهێزبوونی گیان و بوونی کوردە. دیموکراسی - تەنانەت دیموکراسییەکی نوقسانی وەک تورکیا - بەستێنی خۆڕێکخستن و پتەوترکردنی بوونی کورد دروست دەکات. لە پاش بەهێزبوونی گوتار و بوونی نەرمئامێرانەی کوردە، کە کورد دەتوانێت بیر لە بوونێکی ڕەقئامێری و سەروەری بکاتەوە.

با بێینەوە سەر پێناسەنەکردنی ئەو چەمکانەی لە وتارەکەدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن، لەوانە دیمۆس و مێتافیزیک. وتارەکە دەڵێت لایەنگرانی ئایدیای دیموکراسیخوازی ئەوەندەی پەرژاونەتە سەر کراتوس و چۆنێتیی پێکهاتەی حکومەت، نەپەرژاونەتە سەر دیمۆس. ئەمەش وایکردووە کورد لە چوارچێوەی دیمۆسی سەردەستدا پێناسە بکەن نەک دیمۆسی کورد. بەڵام پێمان ناڵێت پێناسەی ڕەسەنی دیمۆس لە ڕوانگەی ئەوانەوە چییە کە بەپێی ئەو پێناسەیە کورد بوونێکی جیای هەیە لەو سنوورە دەسکردانەی تێیدا ئەسیر بووە. پێناسەیەک کە بتوانێت ئەم بابەتە ئاڵۆزە بەو جۆرەی ئەوان بڕوایان پێیەتی یەکلا بکاتەوە.

تەنیا بە وتنی ئەمە کۆتایی پێ دێنێت کە کێشـــەی دیموکراســـیخوازی لەبەرچاو نەگرتنی دیمۆسی کوردە کە گوایە حاکمیەت و سەروەریی کورد بە سەر خاکی کوردستاندا، لە بەرچاو ناگرێت. بۆ نموونەی هەڵگر و باوەڕمەند بە ئایدیای دیموکراســـیخوازی؛ شـــێخ عێزەدین حســـەینی دەهێنێتەوە. شـــێخ عێزەدین باسی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردســـتان دەکات. ئاخۆ خودی ئۆتۆنۆمی بە لەبەرچاوگرتنی دیمۆسی کورد و سەروەریی کورد دروست نابێت؟

لە شوێنێکی تریشدا ڕوانینی دیموکراسیخوازان بۆ دیموکراسی بە ڕوانینێکی متافیزیکی دەزانێت و دەڵێت: "ئایدیای دیموکراسیخوازی پتر لە بیرێکی مێتافیزیکی دەچێت و لەسەر زەوی واقیع ناســوورڕێتەوە". بەڵام دیســان بە هێنانی وشــەی مێتافیزیک بەســەندە دەکات و لەســەری ناڕوات، لە کاتێکدا چەمکێکی فەلسەفیی وەکوو میتافیزیک لە مێژووی ئەندێشەدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە. نەک تەنیا پێناسـەیەک لە گۆڕێدا نییە، بەڵکوو بەڵگەیەکیش بۆ مێتافیزیک بوونی ئەو ئایدیایە لای ئەو بەرەیەوە ناهێنێتەوە و لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین ئەم ئیدیعایە وەکوو تیرێکە لە تاریکیدا خرابێت. ڕەنگە مەبەســـتی دروســـتری نووســـەران لە وشـــەی مێتافیزیکی وشـــەی خورافی بێت. نووســـەران پێیان وایە ئایدیای دیموکراسیخوازی وەک ستراتیژێک ئایدیایەکی ناواقعی و خورافییە .

خودی ئەمەی کە نووســـەران دەڵێن ناچاریی ســـیاسی، دیموکراتیزەکردنی وڵاتانی کردووە بە پرۆژە و ستراتیژی کورد، سەلمێنەری ئەوەیە ئەو ئایدیا تا ڕادەیەک پێی لەسەر ئەرزی واقیعە. بە پێی ئەو نـاچـارییە ســـیـاســـییەی نووســـەران بـاسی دەکەن. دەپرســـم؛ ســـتراتیژی دیموکراتیزەکردنی وڵاتانی ســەردەســت خورافیترە یان باســکردن لە ســەروەری؟ کامیان بە ئەرزی واقیع نزیکترن؟

ئەو ئەنجامەی گوایە وتاری بەرباس پێی گەیشـــتووە ئەمەیە: "ئایدیای دیموکراســـیخوازی ناچارییەکی ســیاســییە نەک بژاردەیەکی دڵخواز". ئەو ئەنجامەی ســەرەوە هێندە ئاشــکرا و لەبەرئەقڵە - بە پێوانەی لەبەردەست - کە پێویست ناکات وتاری لەسەر بنووسرێت. ئەمە

وەک ئەوەیە کەرە بکێڕیت و پێت وابێت ملەقووتت گرتووە. ئەو ڕاستییە نووسەران دوای ژماردنی کۆڵێک گوێز و هێنانەوەی گاڕانێک شێر و ڕێوی پێی گەیشتوون، هێندە ڕوونە کە دەیانجار سەرکردەی کورد بە ئاشکرا باسیان کردووە. لە تاڵەبانییەوە بگرە کە کوردستانی گەورەی بە خەونی شاعیر زانیبوو هەتا داننانی سەرکردەی ڕۆژهەڵات بەوەی کە - ئەوان - کۆماری ئیسلامییان پێ ناڕووخێت؛ هەموو خەریکن فوو دەکەنە بڵیندگۆدا کە ئایدیای دیموکراتیزەکردنی وڵاتانی داگیرکەر، ناچاریی سیاسییە نەک بژاردەی دڵخواز، سیاسەتێکە بەپێی ئەو واقیعەی تێیداین نەک دوائامانج.

کێشەی گەورەی سوپێرناسیۆنالیستی سەروەریخوازی کورد لەبەرچاونەگرتنی پوتانسیەلی سیاسیی خودی کوردە بۆ گەیشتن بە سەروەری. هەر ستراتیژێک کە هەر هێزێکی سیاسیی کوردی گرتوویەتیە بەر، - ئەگەر ئەو هێزە ڕیالیست بووبێت - لەبەر ناچاریی سیاسی بووە. ئەو ناچارییە تەنیا هێز و توانستی بەرانبەر دروستی نەکردووە، بەڵکوو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئایدیای سەروەری و ئاگایی نەتەوەیی لە ناو کورداندا بەگوڕ بووە یان بێگیان، ئەمە پێکهێنەری گەورەتری ناچارییە سیاسییەکەیە.

خاوەنانی ئەم جۆرە تێگەیشتنانە دروشم و ئایدیا و ستراتیژ بە دەستنیشانکەری گەورە دەزانن و وای دەبینن خودی کۆمەڵگا هەمیشە بۆ هەر ئایدیایەک لەسەر پێیە. گۆڕینی ستراتیژی سیاسی لە بەدحاڵیبوون و وەهم و "بیری متافیزیکی"ـەوە نەهاتووە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم لە ناچارییەکی سیاسییەوە دروست بووە کە نەبوونی ئامادەیی کۆمەڵگای کوردی بۆ سەروەری و سەربەخۆیی، دەستنیشانکەری گەورەی ئەو ناچارییەیە. کاتێک کۆمەڵگا بۆ سەروەری ئامادە نەکرابێت، کاتێک فێربوونی ڕێنووسی کوردی لە لای تاکی کوردی ڕۆژهەڵات وەک کونکردنی کێوە، بەرزکردنەوەی دروشمی سەروەریخوازی؛ بە قەد دانانی بەردەباز بۆ کیسەڵان گاڵتەجاڕانەیە .

ئەوە بەدحاڵیبوون و دروستحاڵیبوونی ئیلیتی سیاسی و ڕووناکبیری نییە کە دەستنیشانکەری ئاراســـتەی ڕووداوەکانە. بەهێزی و لاوازیی ئەو گوتارانەی کە کۆمەڵگا ئاراســـتە دەکەن؛ ئاراستەی ڕووداو و مێژوو دیاری دەکەن. بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو سەروەری کورد بڕوات؛ پێویســـتە گوتاری کوردی لە هەمبەر گوتاری داگیرکەرانی کوردســـتاندا بەهێز بێت. هێندە بەهێز کە ئەو گوتارە بتوانێت هەموو چین و توێژ و پێکهاتە کوردستانییەکان ئاراستە بکات. بەهێزبوون و توانســـتی ئاراســـتەپێدانی هەر گوتارێک بە ڕەهایی نەبەســـتراوەتەوە بە تێگەیشـــتنی بڕێک ئیلیتی ســـیاسی یان ڕووناکبیرییەوە. گۆڕینی دروشـــم و ســـتراتیژ لە دیموکراتیزەکردنی وڵاتان بۆ سەروەریخوازیی ڕادیکاڵ؛ لە دۆخێکدا کە گوتاری کوردی لاوازە و کورد تووشی نەشناڵ ڕتاردەیشن یان گەشەنەری نەتەوەییە، جۆرێک derealization ی ڕووناکبیری کوردە.

کێشـــەیەکی گەورەتری ئەو نووســـینە ئەوەیە ئایدیالی ســـیاسی و ســـتراتیژی ســـیاسی تێکەڵ دەکات. ئایدیالی ســـیاسی، ئیلیتی ڕووناکبیر و ئەدیبی کورد بڵاویان کردووەتەوە، ئەو ئایدیالە خۆی لە کوردســـتانی گەورە و نەتەوەیەکی یەکگرتوو و ســـەروەر بە ســـەر نیشـــتمانێکی یەکپارچەدا دەرخســـتووە. هەر لە کۆتایی ســـەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئێســـتا - لە هەموو سەردەمێکدا - ئەم ئایدیالە هەبووە و نە تەنیا دانەمرکاوە بەڵکوو بەتینتر بووەتەوە .

ئەو دێڕ و دەقانەی نووسەرانی وتاری بەرباس وەک سەرچاوەی هزری سەروەریی سیاسی، پشـتی پێ دەبەسـتن لە چاو شـیعری "دوو کۆی دوو"ی خاڵە قازی و شـیعری کاوەی کوڕی جەلال مەلەکشـا و لێتان نابینەوەی شـێرکۆ بێکەس - لە ڕووی ئایدیالی سـیاسی و بە یەک دیمۆس زانینی کورد - گەمەی منداڵانن .

دەقەکانی ئەحمەد موختار و قانع لەو ڕووەوە ناگەن بە تۆزی قولی ئەم دێڕەی ئیســـماعیل خورماڵیدا:

دەبا دەنگی بانگی بابان

سابڵاخی شین بە نۆێژ بێنێ

بزەی قەڵای هەولێرەکەم

ماردینی تار بە نوور بێنێ

ئەم دێڕە کورد بە جۆرێک یەکپارچە و یەکنەتەوە دەبینێت کە باوەڕی وایە گەورەیی کورد لە سلێمانی و هەولێر کار دەکاتە سەر مەهاباد و ماردین. وەک دەبینن ئەگەر شیعری شاعیران بە سەرچاوەی هزری سیاسی وەربگرین شاعیرانی ئەم سەردەمە لە چاو شاعیرانی ئەوسا ڕوونتر و تەنانەت ئەدەبیتر بیری سەروەری و یەکدیمۆسی و یەکپارچەیی کوردیان دەربڕیوە. چۆنە دەقێکی قانع یان حاجی نووسەران دەگەیەنێت بەوەی جاران بیری سەروەریخوازی زاڵ بووە و ئێستا بیری دیموکراسیخوازی، بەڵام دەق شاعیرانی ئەم سەردەمە باسی ناکرێت.

نووسەران دێڕێکی حاجی بە نرخی گوتارێکی ناسیۆنالیستی بە خوێنەر دەفرۆشنەوە! و ئەو دێڕە و با بێژین هەموو شیعری حاجی دەکەن بە بەڵگەی ئەوەی گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی پێش گوتاری ناسیۆنالیستی ئێرانی و تورکی و عەرەبی دروست بووە و بەمە ئەوە ڕەت دەکەنەوە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، کاردانەوەیەک بوو بێت بە ناسیۆنالیزمی داگیرکەرانی کوردستان. لێرەدا دژوازییەک دروست دەبێت، دژوازییەک کە خۆی لە شووتی نانە بنبناڵی کورددا دەبینێت. لێرەدا نووسەران شیعری حاجی دەکەن بە پێوەری گوتاری کوردی، بەڵام بۆ نەتەوەکانی تر ئەوە ناکەن بە پێوەر. پرسیار ئەوەیە؛ ئاخۆ ئەگەر بگەڕێیت ناتوانیت بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە ناو شیعری فارس، یان بیری ناسیۆنالیزمی تورکی لە شیعری تورکیدا یان ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ناو ئەدەبی عەرەبدا بەر لە حاجی بدۆزیتەوە؟ لێرەشدا نووسەران بەراوردێکی نەگونجاو دەکەن. کاتێک دێن کاتی نووسرانی شیعری حاجی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی مەشرووتەخوازی ئێرانی ــــ کە هەڵگری توخمانێک لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بووە ــ

هەڵدەسـەنگێنن و بەو ئەنجامە دەگەن گوتاری ناسـیونالیزمی کوردی پێش نەتەوەکانی تر بووە و کاردانەوەش نەبووە بەو ناسیۆنالیزمانە. بەراوردی ئایدیای سیاسی شاعیرێک لەگەڵ بزووتنەوەیەکی سیاسی نارەوایە.

هەر ئەوەی کە بزووتنەوەی سیاسیی مەشرووتەخوازی؛ ناسیۆنالیزمی ئێرانی تێدا بووە، خۆی نیشـان دەدات ناسـیۆنالیزمی ئێرانی پێشـتر لەوە نەک هەر لە شـیعردا بەڵکوو لە وتاری ڕۆژنامەڤانیشدا هەبووە.

**پەراوێز:**

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەن لە هەڵە زمانییەکانی وتاری ناوبراو:

-مرۆڤ و هاتنەناوەوەی بۆ سەردەمی مۆدێرن!

-مرۆڤی کورد هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیووە!

-دروستکردنی کرداری فۆرماسیۆن گرتن؛ کە لە شکڵ گرتن و بیچم گرتن خراوترە!

-باس لە حاجی وەک ئایدیۆلۆژیست دەکەن کە مەبەستیان ئایدۆلۆگە!